سەماحەتی حەکیم .. ناوەندگیری و بێ لایەنی بنەمایەکە لێی جیا نابینەوە

لەدووەمین کۆنگرەی نوێنەرانی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە دەرەوە کە لەژێر دروشمی " پەیامبەرانی ناوەندگیری" بەڕێوە چوو، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی سروشتی سەقامگیری لە عێراقی بە ناونیشانە ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕوون کردەوە جگە لە کرانەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی ، هەروەها ئاماژەی کرد کە ئەوانە هەمووی بە هۆی ئەو قوربانیانە بەدی هاتوون کە عێراقییەکان بە سەرجەم پێکهاتەکان پێشکەشیان کردوە، سەماحەتی گوتیشی عێراق هاوکێشەی خۆی سەپاند دوای ئەوەی چەندین پرۆژەی سیاسی و ئیعلامی بەرنامە بۆ دارێژراو کە هەموو شتێکیان بە شەیتان کردبوو و کاریان لەسەر ئەوە کردبوو.

سەماحەتی گوتی مەرجەعییەی ئاینی باڵا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە کۆنتڕۆڵکردنی دۆخەکە و ڕێگا گرتن لە دوژمنان لەبەر ئەوەی عێراق مەینەتی زۆری بینی و ڕکابەری زۆری تێپەڕکرد هەروەها خزمەتکردنی بەعسی سەدامی بە تیرۆر مەینەتی زۆری نایەوە، بەڵام فەتوای مەرجەعییەی باڵا هەموو هاوکێشەکەی بەسەر پلانگێڕان هەڵاوگێر کردەوە، لێرەش نابێت رۆڵی هاوڕێیان و دۆستان لەبیر بکەین لەسەرووی هەمووان کۆماری ئیسلامی ئێران.

سەماحەتی ڕوونیشی کردەوە کە ناوەندگیری و بێ لایەنی ئەو بنەمایەیە کە لێی دوور ناکەوینەوە، ئەو بەنەمایەکی عەقائیدییە و بنەمایەکە کە رۆشەنبیری ئیسلامییە.

سەماحەتی داوای کرد خوێندنەوەی ئەرەکی و پێشینە بۆ ڕووداوەکان بکرێت و گوتی ئەوەی ڕەوتی حیکمە دەتوانێت بیکات لە ئەنجامی شیکردنەوەی وردی ڕووداوەکانە لەگەڵ بەستنەوەیان بەیەکەوە.

گوتیشی " پێویستە لەسەر هەمووان کار لەسەر بەردەوام بوونی کرانەوە بدەین لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بەتایبەتی چینی لاوان کە دەبێت دۆخیان باش بکرێت و پێویستیشە پاڵپشتی ژنان بکرێت و کاری مەیدانی بکرێت، جەختیشی کردەوە لەسەر وەبەرهێنانی حیکمە و قبوول کردنی لە خزمەتکردنی هاوڵاتیان لەهەر شوێنێك بن.

کاری سیاسی دەبێت بەپوختی لەپێناو خودای گەورە بێت و خزمەتی بەندەکانی بکات لەهەر شوێنێك بن و بەهەر توانایەکی بەردەستیش بێت.

سەماحەتی گوتی فەڵەستین کەیسێکی سەرەکی عەرەبی و ئیسلامییە، پێویستە هەموو ئامرازە بەردەستەکان بەکار بهێنین بۆ ئەوەی مەزڵومییەتی گەلی فەڵەستینی و کارەساتی غەزە بە هەموو شوێنێگ بگەیەنین.